# ژیان به سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا

**نەوزاد وەلی**

**ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبی** (تراجیدیاکان و شیوعییەکان)

کۆبوونەوە ئاسایییە فرەوانەکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی عێراق بە تەواوی ئەندامانییەوە لە ناوەڕاستی تەموزی ساڵی 1959 دا لە سەروبەندی کارەساتەکانی دوای زویربوونی قاسم لە حیزبی شیوعی ، بە هەرە گرنگترین کۆبوونەوە لە مێژووی حیزبی شیوعی عێراقدا دائەنرێت.

جاسم الحلوائي گلەیی لە عزیز سباهي ئەکات کە لە کتێبەکانیدا نە باسێک و نە بەندێکی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە تەرخان نەکردووە کە (**ترسناکترین کۆبوونەوەی مێژووی حیزبە**.)[318]

حەڵوایی لە ئەو ڕووەوە ڕاست ئەڵێت. بەڕاستیی ئەو کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندیی ، ئەبووایە نەک هەر سباهي بەندێکی لە کتێبەکانیدا بۆ تەرخانبکردایە ، بەڵکوو ئەبووایە تا ئێستا دەیان کتێب لەسەر ئەو کۆبوونەوەیە بنوسرایە. بێگومان حەڵوایی بە مەبەستی تایبەتیی خۆی لای وایە کە ئەو کۆبوونەوەیە ترسناکترین کۆبوونەوەی مێژووی حیزبە ، بەڵام لە ڕاستییدا ، هەر وەک مێژوو دەریخست ، ڕەوشی ئەو کۆبوونەوەیە و بڕیار و ئەنجامەکانی ، بوون بە کەلتور و شێوازی ژیانی سیاسی و سەرکردایەتیکردنی سەرکردەکانی حیزب لە ئەو ڕۆژەوە و تا ئەم چرکەیەش ، ئەویش بریتییە لە **"خۆبەدەستەوەدان ، چۆکدادان، سەرکزکردن و ژیان بەسەربردن لەژێر سێبەری دەسەڵاتەکاندا"** ، ئەوەش ئەو سیاسەتانە بوون کە بۆلشەڤیکەکانی ڕوس لە سەرکردەکانی حیزبە شیوعییە **"براکان"**یان ئەویست، لەبەرئەوە ئەو کۆبوونەوەیەم بە **"کۆبوونەوەی خۆبەدەستەوەدان"** ناوبردووە.

**ئەنجام و بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە سەرەتای پەڵە و لاپەڕە ڕەشەکانن لە مێژووی حیزبی شیوعی**

**عێراقدا.**

سەرکزکردن لەژێر سێبەری حوکمی قاسمدا ، گەشەکردنی ناسەرمایەداریی ، هێڵی ئاب ، هاوپەیمانیی و بەشدارییکردن لە بەرەیەک لەگەڵ بەعسە فاشیستە خوێنخۆرەکاندا کە ژیانی سیاسییان بە کوشتنی شیوعییەکان دەستپێکرد ، هەروەها شکستە یەک لە دوای یەکەکانی تر ، تا گیرسانەوەی حیزبی شیوعی عێراق لەژێر سێبەری حوکمی پۆل برێمەردا و گیرسانەوەی لقەکەی کوردستانیشی لەژێر سێبەری دوو بنەماڵە مافیاکەی باشوری ولاتدا ، هەمان ئەو کەلتور ، هەڵوێست و ڕەوشتە سیاسی و "چینایەتییانەن"! کە لە کۆبوونەوە خۆبەدەستەوەدانەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە ناوەڕاستی تەموزی 1959 دا بڕیاریان لەسەر درا.

لە دوای هەڕەشەکردنەکانی عبدالکریم قاسم و تورەبوونی لە داواکردنی حیزبی شیوعی بۆ بەشدارییکردن لە حوکمدا ، مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیەک ئەکات ، سەلام عادل ڕاپۆرتێکی ئامادەکردبوو بۆ کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی ، بۆچوونی وا بوو کە ئەبێت بە شێوەیەکی پلەیی "تدریجي" لە ئەو داواکارییەی بەشدارییکردن لە حوکمدا پەشیمانببنەوە ، چونکە ئەگەر کوتوپڕ و ڕاستەوخۆ پەشیمانببنەوە ، ئەوا ئەو هەڵوێستە ئەبێت بە **دۆڕاندن** ، نەک پەشیمانبوونەوە. لە ئەو بۆچوونەیدا و لە ناو مەکتەبی سیاسیدا تەنیا جەمال حەیدەریی لەگەڵیدا ئەبێت ، بەلاَم لە ڕاستییدا حەیدەریی زۆر لە ئەوەش زیادتر پێی دائەگرت ، هەر لەسەر ڕای خۆی بەردەوام بوو کە ئەیوت حیزبی شیوعی خاوەنی جەماوەرێکی لە ڕادە بەدەرە ، مافی خۆیەتی کە لە حوکمدا بەشدار ببێت ، نابێت چۆک بۆ قاسمی دیکتاتۆر دابدرێت.

لە ئەو کۆبوونەوەیەی کۆمیتەی ناوەندییدا **(ڕەوتێکی خۆبەدەستەوەدەر دەرکەوت کە عامر عبدالله و بەهادین نوری زیادتر لە ئەوانی تر پێیان لەسەر ئەو ڕەوتە دائەگرت. کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە کاتێکدا بوو کە کارەساتەکانی کەرکوک ڕوویاندابوو ، حیزب توشی گێچەڵپێکردن و پروپاگەندەکردن لە دژی بووبوو کە قاسم ڕۆڵی سەرەکیی تیایاندا ئەبینی ، ئەیویست پەرووباڵی حیزبی شیوعی بکات..).**[319]

لە ئەو کۆبوونەوەیەدا کە 33 کەس بەشداربوون ، سەلام عادل بە ناچاریی ڕاپۆرتەکەی بە ناوی خۆیەوە خوێندەوە ، ئەوەش دیاردەیەکی نوێ و یەکەم

جار بوو ، چونکە لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا لەسەری ڕێکنەکەوتبوون کە ببێت بە ڕاپۆرتی مەکتەبی سیاسی بۆ کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی کە لە ئەوێشدا چەند کەسێکی کەم لەگەڵ بۆچوونەکانی سەلام عادلدا بوون ، **"زۆرینە"**! لەگەڵ داوای بەهادین نوری ، عامر عبداللە و زکي خیري بوون کە **"ئەیانویست حیزب داوای لێبوردن لە قاسم بکات و ڕەخنە لە خۆی و لە جەماوەر بگرێت ، چونکە داوای بەشدارییکردنی حیزبی شیوعییان لە حوکمدا کردووە"**! ئەنجامی کۆبوونەوەکەش هەر وا بوو ، لە 1959-08-03 دا **(بە داوای عامر عبدالله و بەهادین نوری کورتەیەک لەسەر کۆبوونەوەکە بڵاوکرایەوە کە ڕازییکردنێک بوو بۆ قاسم ، ڕۆژنامەنوسەکان ناویاننا "لەخۆدان" ، دواتر لە 29 ی هەمان مانگدا ڕاپۆرتەکەی کۆبوونەوەکە بڵاوکرایەوە ، بەڵام لە ئەمیاندا ڕەخنەگرتن لە خۆی و لە جەماوەری تیادا نەبوو).**[320]

لێرەدا بە ئاشکرا دەرئەکەوێت کە ڕوسەکان کێشەی بەرلینی ڕۆژهەڵاتیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا چارەسەرکردبوو ، لەبەرئەوە پێویستیان بە ئەوە نەمابوو کە **ئەو وڵاتانە بە ئەوە بترسێنن کە حیزبی شیوعی لە عێراقدا دەسەڵات ئەگرێتەدەست.**

ڕوسەکان هەر لەبەرئەوە و دواتر بە یادداشتێش حیزبی شیوعی عێراقیان ئاگادارکرد کە **نابێت قاسم زویربکەن و داوای بەشدارییکردن لە حوکمەکەیدا بکەن.**

لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ بەڵگەنامەیەک لە هیچ سەرکردەیەکی ئەو سەردەمە و دواتری حیزبەوە بڵاونەبووەتەوە کە دان بە ئەو ملکەچییەدا بۆ سۆڤیەت بنێن، بەڵام ڕاستییە مێژووییەکان و کارەساتە یەک لە دوای یەکەکانی نەک هەر حیزبی شیوعی عێراق ، بەڵکوو تەواوی ئەو حیزبە شیوعی ، سۆشیالیستیی و کارگەرییانەی کە سەربە بۆلشەڤیکەکانی ڕوس بوون ، وەک تیشکی خۆر دیار بوون کە هیچ کارێکی ناوخۆیی گەورەیان بەبێ ڕەزامەندیی ڕوسەکان نەکراوە.

ڕوسەکان هەر بە ئەوەشەوە نەوەستان کە ئەو سوکایەتییە بە حیزبی شیوعی عێراق بکەن ، لەبەر خاتری قاسم بیکەن بە گاڵتەجاڕی جەماوەرەکەی خۆی ، بەڵکوو دواتر کۆمەڵە ڕاسترەوە چوارییەکەی مەکتەبی سیاسی ، زکي خیري ، عامر عبداللە ، بەهادین نوری "ئەو کاتە خۆشی دەربەدەری مۆسکۆ کرابوو" و محمد حسین ابوالعیس لە ئابی 1960 دا سەلام عادلیان نارد بۆ سۆڤیەت ، لە ئەوێش ڕوسەکان نەیانهێشت بگەڕێتەوە ، تا چەند مانگێک بەر لە کودێتاکەی هەشتی شوباتی 1963 بەبێ ڕەزامەندیی ڕوسەکان خۆی گەیاندەوە عێراق و دواتر شەهید بوو.

دەربارەی دەسەڵات **"نە گرتنە"**دەستی حیزبی شیوعی عێراق و کودێتا **"نە کردن"**ی بەسەر قاسمدا لە کاتێکدا کە خاوەنی شەقام و ئەوپەڕی توانا و جەماوەری هەبوو ، بەتایبەتیی کە زۆربەی ئۆفیسەرە بەرزەکانی سوپا ئەندامانی حیزبی شیوعی بوون ، زۆریان لەسەر وتراوە و نوسراوە ، بەڵام کەس تا ئێستا بە نوسراو هۆی ئەو سیاسەتە و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە 1959-07-15 دا ناگەڕێنێتەوە بۆ گوێڕایەڵیی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراق بۆ بۆلشەفیکەکانی ڕوس.

ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەموو سەرکردەکانی حیزبی شیوعی ئەوە هەڵوێستیان بووە ، بێگومان هەندێکیان بە گیانی نیشتمانیی ئازادەوە بیریانئەکردەوە ، دور لە بیروبۆچوون و فەرمانی هاوڕێ ڕوسەکانیان ، ئەیانویست بەپێی بارودۆخە ناوخۆییەکەی عێراق هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن ، هەڵوێستێکی وایان بەرامبەر بە عبدالکریم قاسم هەبێت کە واقیعەکە وا پێویست ئەکات. بۆ نمونە هەڵوێستی شەهید جەمال حەیدەریی و چەندان هاوڕێی تر ، بەتایبەتیی لە سەرکردایەتی هێزەکانی سوپادا ، وەک شەهید جلال الاوقاتي کە فەرماندەی هەموو هێزە ئاسمانییەکانی عێراق بوو ، داوایان لە حیزب ئەکرد کە قاسمی دیکتاتۆر لەناوببەن ، جلال الاوقاتي هەر لە سەرەتاوە ئەیوت **"قاسم بۆ ئەوە هاتووە کە لەگەڵ خۆیدا ئێمەش لەناوببات"**.

ئەوەی کە لە ئەم ڕووەوە شایانی سەرنجە ، ئەوەیە کە جارێک هاوڕێ بەهادین نوری لە وەڵامی پرسیارێکمدا لە ئەو ڕووەوە ، وتی ئۆفیسەری شیوعی بەناوبانگی کەرکوک شەهید جەباری پیرۆزخان دوو ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14 ی تەموز لەگەڵ چەند ئۆفیسەرێکی تردا لە فیرقەی کەرکوکەوە ئەچن بۆ لای عبدالکریم قاسم بۆ پیرۆزبایی.

دوای چاوپێککەوتنی قاسم ، شەهید جەبار خێرا خۆی ئەگەیەنێتە لای بەرپرسی ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناو سوپادا و ئەڵێت **"تکایە زوو سەرکردایەتی حیزب ئاگاداربکە کە ئەم قاسمە کابرایەکی شێتوویێ و دیکتاتۆرە ، ئەگەر زوو سەری نەخۆین ، ئەوا هەر خۆی سەری خۆشی و سەری ئێمەش ئەخوات."!**

پاش چەند ساڵێک لە ئەو گێڕانەوەیەی هاوڕێ بەها ، جرجیس فەتحوڵای پارێزەر لە کتێبی "العراق في عهد قاسم"دا باسی ئەو ڕووداوەی کردووە ، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە کێ بۆی گێڕاوەتەوە.

بێگومان ئەوە گرنگ نیە ، گرنگیی ئەو باسە لە ئەوەدایە کە زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە و کادێرەکانی حیزبی شیوعی ئەو ڕاستییە تاڵەیان دەربارەی قاسم ئەزانی کە دیکتاتۆرێکی سەربازییە و خاوەنی هیچ مەبدەئێک و ڕەوتێکی سیاسی و فیکریی نیە. ئەوەتا هەر پاش تەنیا دوو ڕۆژ و لە چاوپێککەوتنێکی کەمخایەن لەگەڵ قاسمدا ، شەهید جەباری پیرۆزخان ئەو ڕاستییەی بۆ دەرئەکەوێت و سەرکردایەتی حیزبی لێ ئاگادار و هۆشیارئەکاتەوە.

پرسیارە مێژووییەکە تا ئێستا هەر ئەوەیە کە ئایا دەسەڵات "**نە**"گرتنەدەستی حیزبی شیوعی عێراق و لەناو"**نە**"بردنی عبدالکریم قاسمی دیکتاتۆری سەربازیی، بە فەرمانی ڕوس بووە؟ یان **حیزبی شیوعی خۆی حەزی لە دەسەڵاتگرتنەدەست نەکردووە و سوکایەتی قاسم و زۆردارییەکەی بەرامبەر بە حیزبی شیوعییان لە لا باشتر بووە!**

بێگومان ئەو کەسەی کە بە ڕادەی مێشولەیەک دەماغ لە سەریدا هەبێت ، ناتوانێت خۆی بە ئەوە هەڵبخەڵەتێنێت کە حیزبی شیوعی حەزی لە دەسەڵات و حوکم نەبووە! ملکەچیی بۆ قاسم و سوکایەتییەکانیان لە لا باشتر بووە ، وەک لە دژایەتیکردنی قاسم و حوکمەکەی. هەر لەبەر ئەو لۆجیکە بچکۆلەیە ، بەشی یەکەمی پرسیارەکە ڕاستترە ، ئیتر خوێنەر و نەوەی ئەم سەردەمە باوەڕ بە ئەو پاکانە بێبنەمایانە ناکات کە سەرکردە کلاسیکییەکانی ئەو سەردەمەی حیزب ، جارجار ئەینوسن و ئەم و ئەو لە هاوڕێیانی سەرکردایەتی ئەو سەردەمەیان تاوانبارئەکەن بە ئەوەی کە ئەوان و هەڵوێستەکانیان هۆی ئەو سیاسەتە ملکەچییەی بەرامبەر بە عبدالکریم قاسم بوون ، نەک خۆیان گوێڕایەڵ بوون بۆ فەرمانەکانی بۆلشەفیکەکانی ڕوس!

بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوە فرەوانەکەی کۆمیتەی ناوەندیی 15-07-1959 بە شێوەیەک سوکایەتی بوو بە مێژووی حیزبی شیوعی و شیوعییەکان ، بە ڕادەیەک کە بە ئاسانیی دەرئەکەوێت کە ئەوە ویستی سەرکردایەتی حیزب نەبووە ، بەڵکوو بە سەریدا سەپێنراوە ، جگە لە سۆڤیەتیش ، هیچ هێزێک لە دنیادا نەبوو کە ئەو سیاسەتە خۆبەدەستەوەدەرییە بەسەر شیوعییەکانی عێراقدا بسەپێنێت.

**(با ئێستا بزانین چۆن <u>قاسم لە ڕاپۆرتەکەی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی تێگەیشت</u>. هەر بە ئەو <u>شێوەیە لێی تێگەیشت کە نوسرابوو ، ئیتر پێویستی بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە نەبوو. حیزبی شیوعی هاوکاریی (قاسم) ئەکات ، هاوکارییەکی بەهێز و لە هەموو بارودۆخێکدا ، چونکە حوکم (قاسم)</u>**

**نیشتمانییە.**

**لەبەرئەوەی کە قاسمیش لە نیشتمانپەروەریی خۆی دڵنیابوو ، وا لێی تێگەیشت کە ئەتوانێت چۆنی بوێت لەگەڵ ئەو حیزبەدا بیکات. هەر لە ئەم ڕوانگەی تێگەیشتنەشیەوە ، قاسم دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر حیزبی شیوعی و دڵنیاش بوو کە حیزب هەڵوێستی بەرامبەری ناگۆڕێت.)**[321]

تێبینی: هێڵەکانی ژێر بڕگەکان لە سەرچاوەکەدا نین ، بۆ سەرنجراکێشانی زیادتری خوێنەر کێشاومن ، بەڵام جوتە کەوانەکانی دەوری قاسم لە سەرچاوەکەدا هەن.

بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی **(چارەنوسی حیزبی بەستەوە بە چارەنوسی حوکمی قاسمەوە ، لەبەرئەوەی کە حوکمێکی نیشتمانییە.)**[322]

**(قاسم یاسای ژمارە 80 ی دەرکرد کە هەموو ئەو زەوییانەی کە کۆمپانیاکانی نەوت هێشتا بەکاریاننەهێنابوون ، لێیان سەندرایەوە ، ئەوەش لە سەتا نەوەت و پێنج و نیوی خاکی عێراقی گرتەوە.)**[323]

ئەو هەڵسەنگاندنانەی سەرەوە ڕاستن ، بەڵام تەواوی هۆیەکەی ئەو سیاسەتە خۆبەدەستەوەدەرییەی حیزبی شیوعی نین ، بەڵکوو ئەبێت ئەوەش بوترێت کە قاسم دڵنیابووبوو لە ئەوەی کە بۆلشەڤیکەکانی ڕوس زۆر لە "برا" شیوعییەکانی عێراقیان ئەکەن کە قاسم زویرنەکەن ، لەبەرئەوە قاسم ئەیزانی ئەگەر لێشیان بدات ، ڕوسەکان خۆیانی لێ کەڕ ئەکەن. گومان لە ئەوەدا نیە کە قاسم ئەو ڕاستییەی لە جەمال عەبدولناسری هاوشێوەی خۆیەوە فێربووبوو.

بۆلشەڤیکەکانی ڕوس شەش ساڵ پێش کودێتاکەی قاسم ، هەمان سیاسەت و هەڵوێستیان بەرامبەر بە "برا" شیوعییەکانیان لە میسر هەبوو ، تا گەیشت بە ڕادەیەک کە زۆریان لە شیوعییەکانی سەربە خۆیان لە میسردا کرد کە حیزبەکەیان هەڵبوەشێننەوە و بچنە ناو یەکیەتییە سۆشیالیستییە عەرەبییەکەی ناسرەوە ، لە هەمان کاتیشدا بە هەمان شێوە و مەبەست ، ئەیانویست حیزبی شیوعی عێراقیش خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بچێتە ناو یەکیەتییە سۆشیالیستییە ئیسلامییە عەرەبییەکەی عەبدولسەلام عارفەوە.

ئەو بڕیارە ئابڕووبەرەی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی تەموزی 1959 ، بە هیچ شێوەیەک ناگونجێت لەگەڵ توانای سیاسی ، خەبات و تێکۆشانی زۆربەری سەرکردەکانی ئەو سەردەمەدا ، زۆربەی ئەو سەرکردانە کەسانێک

بوون کە هێجگار بەتوانابوون ، ئەیانتوانی نەک هەر دەوڵەتێک ، بەڵکوو زیادتر لە دەوڵەتێکی ئەو سەردەمە بەڕێوەببەن. مێژووش شاهیدی ئازایەتی ، بەرزیی ئاستی سیاسی و ڕۆشنبیریی کەسانێکی وەک سەلام عادل ، جەمال حەیدەریی ، عەبەلی ، ئەبولعەبیس ، ئەوقاتی ، دەیانی ترن لە سەرکردەکانی ئەو سەردەمە، لەبەرئەوە نارەوایە کە ئەو سەرکردانەی ئەو سەردەمە کە ئەو سیاسەتە خۆبەدەستەوەدەریی و بێدەنگییەیان بەرامبەر بە قاسم و حوکمەکەی هەبوو ، "هەموویان!" تێکرا بەبێ "مستەوا" ، نەزان و ترسنۆک تاوانباربکرێن ، بێگومان ئەوە هیچ ڕاستییەکی تیادا نیە ، لەبەرئەوە هۆی سەرەکیی ئەو سیاسەتەی سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی حیزب ، بە ئاشکرا دەرئەکەوێت کە بە ناچاریی و بەبێ ویستی خۆیان ئەو بڕیارە پڕ شەرمەزارییانەیان بەرامبەر بە قاسم و حوکمەکەی داوە ، ئەویش بە فەرمانی برا گەورەکەیان ، ڕوس بووە.

ئەوەتا دوای ئەوەی کە حیزبی شیوعی لە ئەو سیاسەتە ئابڕووبەرییەی خۆی بەرامبەر بە قاسم بێزارئەبێت و توانای بەرامبەر بە هێرشەکانی قاسم نامێنێت، بڕیارئەدات کە هەڵمەتێک بۆ دیموکراتیی و دژی سیاسەتی تاکڕەویی سەربازیی قاسم بەرپابکات ، **(لە سەرەتادا خۆمان بۆ هەڵمەتێکی جەماوەریی بۆ دیموکراتیی ئامادەکردبوو ، بەڵام لە پڕ شتێکی نوێ ڕوویدا ، وتووێژەکانی نەوت بۆ سەندنەوەی مافە نیشتمانییەکانی عێراق لە کۆمپانیا داگیرکەرەکان دەستیانپێکرد ، باشە کامیان بکەین: خەباتی نیشتمانیی دژی ئیمپیریالیزم ، یان خەبات بۆ دیموکراتیی و دژی دیکتاتۆریی تاکڕەویی نیشتمانیی کە گلاوە بە کێشەوە لەگەڵ ئیمپیریالیزمدا؟ زۆر دوودڵ نەبووین ، ئیتر یەکەممان هەڵبژارد ، نیشتمانیی نەک دیموکراتیی.)**.(324)

تێبینی: هێڵی ژێر ئەو بڕگەیەی سەرەوە لە سەرچاوەکەدا نیە ، بۆ سەرنجڕاکێشانی زیادتری خوێنەر کێشاومە.

دەیان ساڵ دوای ئەو هەڵوێستە پڕ شەرمەزارییانە و دوای نەمانی سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستییەکان ، "هەندێک!" لە سەرکردەکانی ئەو سەردەمە بە کەمێک شەرمەوە باسی ئەو هەڵوێستانە ئەکەن کە "ئەبووایە" وایان نەکردایە! **(بە ڕای من ، پێشخستنی ئەوەی دژی ئیمپیریالیزمە "شەڕی نەوت" بە سەر کێشەیەکی ناوخۆییدا کە "شەڕی دیموکراتیی"یە ، بە شێوەیەکی سەرەکیی مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆجیاییە ، نەک**

**نیشتمانیی. ئەو بۆچوونەش پەیوەندیی بە شەڕی ساردی ئەو سەردەمەوە هەبوو ، دنیا بەسەر دوو ئۆردووگادا بەشبووبوو ، ئۆردووگای ئیمپیریالیزم و شەڕ ، ئۆردووگای ئاشتیی و سۆشیالیزم ، حیزبی شیوعیش لە ئەو ڕووەوە هەڵبژاردەی پێشینەیی خۆی هەبوو. کاتێک کە دوو ناکۆکیی هەبێت ، جیهانییەکە زاڵ ئەبێت بە سەر ناوخۆییەکەدا ، ئەوەش لە تێگەیشتنی هەڵەی "ئوممەیەت"دا بوو کە ئەبێت پارچە بەشێک بێت لە گشت ، بەڵام ژیان نادروستیی ئەم بۆچوونەی سەلماند.. بە هەر حاڵ ئەوە ئاستی هۆشیاریمان بوو ، بە بۆچوونە ئایدیۆلۆجیاییە هەڵەکانیشمانەوە و تێگەیشتنی هەڵەشمان لە دیموکراتیی لە ئەو سەردەمەدا ، نەگەیشتین بە ئەو ئاستەی کە جێگرەوەیەک بۆ ڕژێم بدۆزینەوە ، سیستمێکی دیموکراتیی دامودەزگایی ، نە دیموکراتیییەکەی کە لە بەیاننامەی حیزبە شیوعییەکان لە مۆسکۆ لە ساڵی 1957 دا کە وەک ڕەچەتەیەک بۆ وڵاتانمان دەرچوو ، نە دیموکراتیییە شۆڕشگێڕییەکەی لینین کە بە باڵای سۆڤیەت دوروو بوویان ، نەک بە باڵای عێراق ، نە دیموکراتیییە گەلییەکان کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چیندا ئەسەپێنران ، حیزبیشمان هەموو ئەو "دیموکراتیییانە"ی لە مێژوویدا پەیرەوکرد و نەگەیشتین بە ڕێیەکی ڕاستیش..).**[325]

تێبینی: هێڵەکانی ژێر برگەکان لە سەرچاوەکەدا نین ، بۆ سەرنجڕاکێشانی زیادتری خوێنەر کێشاومن.

لە نەوەتەکانی سەتەی ڕابوردوودا بابەتێکم بە ناوی **"چەپ کێیە و کێ چەپە لە کوردستاندا"** نوسی ، لە بڵاوکراوەی ڕزگاریی دا لە کوردستان بڵاوبووەوە. تیایدا باسی ئەوەم کردبوو کە حیزبی شیوعی عێراق زۆر جار کێشە نەتەوەیی ، نیشتمانیی و چینایەتییەکانی پاش و پێش خستووە ، قوربانیی بە ئەمیان داوە لەپێناوی ئەوی تریاندا ، هەندێک جاریش لەبەر خاتری بەرژەوەندێکی "نەوتاویی" ڕوس ، قوربانیی بە هەموویان داوە.

جارێک کاک عەزیز محەمەد ، مەلا ئەحمەد ، ئەبو حیکمەت و دۆکتۆر تایەر بابان لە ماڵمان بوون ، وەک هەر جارێکی تر باسی زۆر کێشەی گرنگمان کرد ، منیش باسی کێشەی سۆشیالدیموکراتیی سوید و چەپ بەگشتیی و چەپی کوردستانم بەتایبەتیی وروژاند. دواتر هاوڕێ عەزیز وتی ئەو باسەی سۆشیالدیموکراتیی سوید کە باستکرد ، بە نوسراو هەتە؟ وتم بەڵێ ، وتی بەیانیی بمدەرێ ئەیخوێنمەوە ، هەروەها ئەبو حیکمەتیش هەمان پرسیاری دەربارەی باسەکەی چەپ کرد ، هەر دوو بابەتەکەم بۆیان چاپکرد. لە ڕاستیییشدا هاوڕێ عەزیز داوایکرد کە زیادتر لەسەر ئەو باسانە بنوسم.

پاش چەند ڕۆژێک کە گەڕانەوە بۆ کوردستان ، بابەتەکەی **"سۆشیالدیموکراتیی و بۆرجوازیی هەر دوو ڕووی دراوێکن"** لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستان دا بڵاوکرابووەوە، **"چەپ کێیە و کێ چەپە لە کوردستاندا"** لە هەفتەنامەی ڕزگاریی دا بڵاوکرابووەوە. ئێوارەیەک کاک حەمەدەمینی سەرڕاجیی تێلێفۆنی بۆم کرد و وتی ئەوە چیت کردووە؟ سەرم لە پرسیارەکەی سوڕما! وتی تێلێڤیزیۆنەکەی پارتی باسی بابەتێکی تۆ لەسەر چەپ ئەکات و زۆر بڕگەی لێ خوێندەوە. لە ڕاستییدا لام ئاسایی بوو کە بابەتەکەی سۆشیالدیموکراتیی لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبماندا بڵاوبکرێتەوە ، بەڵام ئەو کاتە ئەبو حیکمەت لە حیزبدا نەمابوو ، ڕێکخراوێکی خۆی هەبوو ، بۆیە لام وا بوو کە ئەگەر ئەو بابەتەم کە لەسەر چەپ بوو ، بڵاوبکاتەوە ، ئەوا پرسێکم هەر پێ ئەکات!.. نەشیکرد!

لە دوای ئەو بابەتەی چەپ کێیە ، ژمارەیەک لە شیوعییە کلاسیکییەکان و هەندێک پۆلیسی حیزبیی و کەسانی دەمەوەر کە هیچ ئاستێکی ڕۆشنبیریی ، بەتایبەتیی ڕۆشنبیریی مارکسیزمیان نەبوو ، بە ڕاستەوخۆ لە ڕاگەیاندنەکاندا و بە ناڕاستەوخۆش لە کۆبوونەوەکاندا هێرشیانکردە سەرم ، بەتایبەتیی لە دوو خاڵدا ، یەکەمیان کە وتوومە **"حیزبیشمان ئەگەر بە پاڵەپەستۆ نەبێت ، ناچێتە قاڵبی چەپەوە."** ، دووەمیشیان ئەوە بوو کە وتوومە **"حیزبمان لە پێناوی بەرژەوەندەکانی ڕووسدا قوربانیی بە بەرژەوەندە نەتەوەیی ، نیشتمانیی و چینایەتییەکانی خۆی داوە."**.

ئەوەی لێرەدا شایانی باسە ، ئەوەیە کە دوای زیادتر لە دوانزە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتەم ، یەکێک لە سەرکردە ناودارەکانی حیزبی شیوعی عێراق کە لە سەردەمی بەرەکەی بەعسدا ئەندامی "سلم" بوو ، هەروەها بەرپرسی "لتم" بوو ، ئەڵێت: (**حیزبی شیوعی نیشتمانیی و دیموکراتیی لە یەکتر جیاکردەوە ، دیموکراتیی کرد بە قوربانی نیشتمانیی.**)[(326)].

ئەو وتەیەی سەرەوە ڕاستە و ئەو ڕاستییە تاڵەش ئەسەلمێنێت کە هەر لە کۆبوونەوەکەی تەموزی 1959 ی کۆمیتەی ناوەندییەوە ، ژیان بە سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا بوو بە ڕەوت و بنەمای کارکردنیان ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە کوان ئەو پۆلیسە حیزبییانەی کە لە نەوەتەکاندا یەخەی منیان لەسەر ئەو بۆچوونانەم ئەگرت؟ ئەی بۆچی ئەمڕۆ تەنیا سوکە ڕەخنەیەکیش

لە حەڵوایی ناگرن کە هەر هەمان ئەو وتەیەی من پاش دوانزە ساڵ دووبارە ئەکاتەوە؟

لە ڕوانگەی دیالێکتیک و زانستەوە ئەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو خەڵکە "گەیشتن" بە ڕاستییەکان ، ئیتر زۆر گرنگ نیە کێ زووتر ، یان درەنگتر بە ئەو باوەڕە گەیشت کە ئەوانە ڕاستییە تاڵەکان بوون.

ئەمڕۆش دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئەو بۆچوونانەی کە لە نەوەتەکاندا بڵاومکردنەوە ، هاوڕێ عەرەبەکان هەمان ئەو ڕایەی منیان ناوناوە "حرق المراحل" ، واتە سوتاندنی قۆناغەکان ، لە ڕاستییدا کاتی خۆی من ناومبردبوو بە پاش و پێشخستنی بەرژەوەندە نەتەوەیی ، نیشتمانیی و چینایەتییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەی ئەو سەرکردانەی ئەو سەردەمە ئەو ڕاستییە تاڵانەیان ئەزانی ، بەڵام خۆیان لێیان بێدەنگ ئەکرد ، هەمیشە لەسەر "ڕەچەتە" جۆراوجۆرەکانی بۆلشەڤیکەکانی ڕوس ئەڕۆیشتن ، تاوێک دژی دابەشکردنی فەلەستین و دواتریش کە ستالین ڕای گۆڕی ، ئیتر لەگەڵ دابەشکردنی فەلەستین بوون ، تاوێک لەگەڵ قاسمدا و تاوێک دژی بوون ، تاوێک ئەیانوت کورد "ئومە" نیە ، تاوێک ئەیانوت بەڵێ "ئومە"یە و.. تد. ئەوەتا کاتێک کە سۆڤیەتی بۆلشەڤیکە لێنینیست – ستالینیستەکان پاش 72 ساڵ لە زەبروزەنگ ، سەرکوتکردنی گەلانی بە زۆر لکێنراو بە ئیمپراتۆریای سۆڤیەتی بۆلشەڤیکەکانەوە بە ئاگر و ئاسن و گەورەترین زیندانی مرۆڤ ، بە 72 کازێر توایەوە ، ئیتر ئەوسا سەرکردە "عەبقەری!"یەکانی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبە شیوعییەکانی تر **"گەیشتن بە ڕاستییەکان"** ، هۆشیان بە خۆیاندا هاتەوە.

72 ساڵ زۆربەی سەرکردەکانی ئەو حیزبە شیوعیانە لە ڕاستییەکان نەگەیشتبوون ، دەروێشی ئایدیۆلۆجیا سەقەتەکەی لێنین بوون ، **(نەگەیشتینە ڕاستیی، تا ڕوخانی سۆڤیەت و دەوڵەتە "سۆشیالیستییەکان" لە ئەورووپا و ئەو تازەگەرییەی بەسەر ئایدیۆلۆجیاکەدا هات ، یان ڕاستتر ، بەسەر زۆربەیدا هات..)**.(327)

هەرچەندە ئەوە هەڵوێستێکی جوانە کە یەکێک لە سەرکردەکانی ساڵەها ساڵەی حیزب ڕەخنە لە ئەو هەڵوێستە پڕ شەرمەزارییانەی سەرکردایەتیەکانی ئەو سەردەمانە ئەگرێت کە خۆشی تیایاندا بووە ، بەڵام

پاش چی؟ وەک عەرەب ئەڵێت "دوای کاولبوونی بەسرە"! پاش ئەوەی کە دەیان تراجیدیایان توشی گەل و نیشتمان و حیزبەکەی خۆشیان کرد! هەزاران ڕۆڵەی بەئەمەکی گەلانی عێراق و کوردستان و حیزبەکەی خۆشیان کرد بە قوربانی ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەی کە لە بۆلشەڤیکەکانی ڕوسەوە بە ڕەچەتە بۆیان ئەهات و پەیڕەویانئەکردن.

ئەمڕۆش هەندێک لە ئەو سەرکردانە کاتێک کە پیر ، پەککەوتە و کەنەفتە بوون ، تازەتازە و پاش نزیکەی 50 ساڵ لە کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە تەموزی 1959 دا ، ئەڵێن "ئەبووایە"! وامان "نەکردایە"!

ئەو سەرکردانە لە ئەو سەردەمانەدا و تا ڕوخانی سۆڤیەت و ئۆردووگا ناسۆشیالیستییەکەی ، هەر وەک لینینی ماموستایان ، هێرشیانئەکردە سەر هەموو بیروباوەڕێکی جیاواز و ڕەوتە سۆشیالیستییەکان لە دنیادا ، بەتایبەتیی لاسالییەکان کە داوای گۆڕینی ڕژێمەکانیان لە ڕێی دیموکراتیی و دامودەزگا دەستوورییەکانەوە ئەکرد. ئەمڕۆش پاش نزیکەی 150 ساڵ لە دوای لاسالییەکان، حەڵوایی ئەڵێت "ئەبووایە"! خەباتمان بۆ **دیموکراتیی دامودەزگایی** بکردایە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە عبدالکریم قاسم ئەوەی لە توانایدا هەبوو بە حیزبی شیوعی ئەکرد ، بەڵام دوای فەرمانی ڕوسەکان کە قاسم زویرنەکەن ، ئیتر حیزبی شیوعی هەموو سوکایەتی و شەڕفرۆشتنێکی لە قاسم قبوڵکرد. لە کاتێکدا کە لە ئەو سەردەمەدا جگە لە وڵاتە سۆشیالیستییەکان و ئیندۆنێسیا ، لە هیچ جێیەکی دنیادا هیچ حیزبێکی شیوعی نەبوو کە بە ڕادەی حیزبی شیوعی عێراق جەماوەری هەبێت و چالاک بێت. (**لە 26-11-1959 دا ، لە هەڵبژاردنەکانی خوێندکاراندا کە 13000 خوێندکاری زانکۆ و 50000 خوێندکاری ئامادەیی بەشداربوون ، حیزب 118 نوێنەری لە زانکۆکان هەڵبژێررا ، بەرامبەر بە 4 کەس لە حیزبی نیشتمانیی دیموکراتیی و 32 نەتەوەیی عەرەب. لە قوتابخانە ئامادەییەکانیشدا 194 شیوعی بەرامبەر بە 73 نەتەوەیی.**

**لە هەڵبژاردنەکانی یەکیەتیی سەندیکاکانی کارگەران لە 11-02-1960 دا کە لە 11-11-1959 دا دووبارە مۆڵەتی یاسایی وەرگرتبووەوە ، ئەنجومەنی ناوەندیی لە 10 کەس هەڵبژێررا ، هەر دەیان شیوعی بوون.**

**لە 13-02-1960 دا لە هەڵبژاردنەکانی بەرەی یەکگرتووی پیشەییەکاندا کە زیادتر لە**

20000 **کەس بەشداربوون و لە کۆی** 500 **نوێنەر ،** 453 **نوێنەری حیزبی شیوعی هەڵبژێرران.).**[328]

حیزبی شیوعی بە ڕادەیەک توانای لە سوپادا هەبوو کە کاتێک بەعسییەکان هەوڵی کوشتنی قاسمیان دا ، بریندارایانکرد و لە نەخۆشخانە کەوت ، خێرا و لە ماوەیەکی کورتدا ئۆفیسەرە شیوعییەکان دەستیان بەسەر وەزارەتی بەرگرییدا گرت ، پلەدار و سەربازەکانیش دەستیان بەسەر سەربازخانەکاندا گرت ، بەڵام هەر لەژێر فەرمانی قاسمی برینداردا بوون و دەسەڵاتیان بۆ خۆیان نەگرتەدەست.

کاتێک کە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی ئەچن بۆ نەخۆشخانە بۆ لای قاسم و پیرۆزبایی سەلامەتیی و ڕزگاربوونی لێ ئەکەن ، قاسم زۆر سوپاسی حیزب ئەکات و بە شانوباڵیدا هەڵئەدات ، بەڵام دواتر لە ئەو توانایەی حیزبی شیوعی لە ناو سوپادا ئەتۆقێت ، **(ئیتر بە تەواویی دژی حیزبی شیوعی ئەکەوێتەخۆ).**[329]

ئەو ڕووداو و جوڵانەوە خێرایەی ئۆفیسەر ، پلەدار و سەربازەکانی حیزبی شیوعی کە دەستیان بەسەر سوپادا گرت ، نەک هەر قاسم ، بەڵکوو تەواوی ئیمپیریالیزم و نۆکەرانی و ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی لە ناوچەکە و دنیادا تۆقاند.

لەگەڵ ئەوەدا کە حیزبی شیوعی لە ئەو ڕۆژەدا ئەیتوانی هێجگار بە ئاسانیی دەسەڵات بگرێتەدەست و قاسم لە نەخۆشخانەدا لەناوببات ، بەڵام لە ترسی بۆلشەڤیکەکانی ڕوس نەیکرد ، تەنانەت وصفي طاهر کە ئۆفیسەرێکی پلەبەرزی شیوعی و بەناوبانگی عێراق بوو ، سەرۆکی هێزی تایبەتیی پاسەوانیی قاسم و یارمەتیدەری دەستە ڕاستی بوو ، داوا لە سەرکردایەتی حیزب ئەکات کە هەر بە ئەو بریندارییەوە قاسم لەناوببەن و ئۆباڵەکەشی بخەنە ئەستۆی بەعسییەکان کە تەقەیان لێکردووە و "کوشتوویانە" ، هەروەها نەتەوەپەرستانی عەرەب و جەمال عەبدولناسر ، بەڵام هەر وەک بروسکە ئەو هەواڵە ئەگات بە دەزگای جاسوسیی KGB ڕوسەکان.


**وصفي طاهر**

جۆرج تەلۆ کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق بوو ، لە ئەو

کاتەدا لە مۆسکۆ بوو بۆ نەشتەرگەریی جگەری ، بەڵام ڕوسەکان نەشتەرگەرییەکەی بۆ ناکەن و خێرا ئەینێرنەوە بۆ بەغداد بۆ ئەوەی کە هەڕەشەی ڕوسەکان بگەیەنێت بە حیزبی شیوعی کە نابێت کاری وا بکەن.

ئەمە ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە لە ناو سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقدا پیاوی ڕوس هەبووە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە KGB و دەزگا سیخورییەکانی ڕوسەکانەوە هەبووە ، بەتایبەتیی پەیوەندیی بە باڵوێزخانەی سۆڤیەتەوە لە بەغداد.

لەگەڵ ئەو هەموو توانا جەماوەرییەی حیزبدا کە دەستیگرتبوو بە سەر نزیکەی تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵگەی عێراقدا ، هەر لە سوپاوە و بە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە تا ساکارترین فەرمانبەرایەتی و ڕێکخراوەکانی پیشە هەمەجۆرەکان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگ ئەبوو لە شەڕفرۆشتنەکانی قاسم و سوکایەتییەکانی بەرامبەر بە حیزب و جەماوەرەکەی.

**(ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووی قاسم لە دژایەتیکردنی ژیانی حیزبایەتی تەندروستدا و شێوازی دیکتاتۆریی سەربازیی تاکڕەوییەکەی کە دژی دیموکراتیی بوو ، ئاشکرا ئەبوو. هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی حیزبی شیوعی و هەندێکیانی قەدەغەکرد.**

**لە 1960-05-07 دا نوسینگەکانی لقەکانی "یەکیەتیی لاوانی دیموکراتیی" داخست و تا تەموز 227 کادێری لێیان گرت. لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام بوو ، تا هێرشیکردە سەر بارەگای گشتیی و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نوری عەبدولڕەزاقی گرت. دواتریش لە نیسانی 1961 دا چالاکیی یەکیەتیی قەدەغەکرد.**

**لە 1960-05-07 دا دەرگاکانی هەموو بارەگاکانی انصار السلام** "ڕێکخراوی لایەنگرانی ئاشتیی کە حیزبی شیوعی بۆ پشتگیریی کورد و ئاشتیی لە کوردستاندا دروستیکردبوو ـ ن.و" **بە مۆری سور داخست.**

**بەرەبەرە هەموو 53 بارەگاکانی لقەکانی یەکیەتیی ئافرەتانی عێراقی داخست ، تەنانەت هەموو مەڵبەندەکانی یەکیەتیی ئافرەتانی بۆ نەهێشتنی نەخوێنەواریی و فێرکردنی کاروباری ماڵ ، داخست.**

**یەکیەتیی قوتابیان بەشێکی تەواوی لە ئەو هێرشانە بەرکەوت ، لە 1960-09-16 دا هەموو لقەکانی لە قوتابخانە ناوەندیی ـ ئامادەییەکاندا بە یەک جار داخران ، بە ئەوەش یەکیەتیی زۆربەی ئەندامانی بە یەک گورز لەدەستچوو.)**(330)

عبدالکریم قاسم لە سەرەتای ساڵی 1960 دا مۆڵەتی یاسایی بە هەموو

حیزبەکان دا ، تەنیا بە حیزبی شیوعی نەبێت. داود الصائغ کە پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو ، لە دژی حیزب بووبوو بە نۆکەری قاسم ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەبووایە هەر حیزبێک ناو و ئیمزای 50 کەس لەسەر داوای مۆڵەتەکەی هەبێت ، صائغ 20 کەسیشی بۆ پەیدانەکرا ، بەلاَم حیزبی شیوعی 184960 ناوی لەسەر داوای مۆڵەتەکەی هەبوو ، لەگەڵ ئەوەشدا قاسم مۆڵەتی بە صائغ دا ، نەک بە حیزبی شیوعی!

ئەوەی لێرەدا مایەی شەرمەزارییە و لە هەمان کاتیشدا شانازیی و نرخاندنی هەڵوێستی سەلام عادل ، جەمال حەیدەریی و هەندێک لە سەرکردەکانی ئەو سەردەمەیە ، ئەوەیە کە بۆلشەفیکەکانی ڕوس داوایان لە حیزبی شیوعی عێراق کرد وەک ئەبوشروق ئەڵێت (**ئامۆژگارییان کرد کە لەگەڵ حیزبەکەی داود الصایغ یەکبگرن ، هەر وەک چۆن لە کۆنگرەی چوارەم لە سەرەتای سەتەی ڕبوردوودا لە ستۆکهۆلم "کۆنگرەی یەکگرتن" مۆنشەڤیکەکان و بۆلشەڤیکەکان یەکیانگرت ، بەلاَم ئەوە دوو سەردەمی جیاواز بوون ، مۆنشەڤیکەکان زۆرینە بوون ، نەک وەک صایغ کە تەنیا خۆی بوو ، دروستکراویش بوو. لەبەرئەوە سەلام عادل ئازایانە و بە گیانی بەرگرییەوە بەرپەرچی مۆڵەتنەدانی حیزبی لە لایەن حکومەتی قاسمەوە دایەوە و وەک حنا بطاطو ئەڵێت: سەلام عادل وتی ئێمە پێویستمان بە مۆڵەتوەرگرتن نیە بۆ ئەوەی کە هەبین ، حیزبمان چارەکە سەتەیەکیشە بەبێ مۆڵەت هەر هەیە.**)(331)

قاسم کۆمەڵێک لە ئۆفیسەرە شیوعییەکانی بە بیانووی جۆراوجۆری بێ بنەماوە تاوانبارکرد و هەندێکیانی دا بە دادگا سەربازییەکەی و بە تاوانی هەمەجۆرەی هەڵبەستراو بە لەسێدارەدان سزادران ، بەتایبەتیی ئۆفیسەرانی کارەساتەکانی موسڵ و کەرکوک و کۆمەڵێک لە شیوعییە ناودار و چالاکەکانی ئەو دوو شارە ، بەلاَم (**هێرشە سەختەکانی قاسم بۆ سەر حیزب ، یەکسەر لە دوای ئەوەی کە مۆڵەتی بە حیزبی شیوعی عێراق نەدا ، ئەوانە بوون کە کردنیە سەر چینی کارگەران و دەزگا سەندیکاییەکانی ، هێرشەکان لە ئایاردا گەیشتن بە ئەوپەڕی ڕادەیان ، هیچ شێوازێکی دڕندەیی و ئاستنزمیی نەما کە ڕژێم نەیگرێتەبەر. "ئۆریل دان" لە ئەو ڕووەوە ئەڵێت: ئەو شێوازانەی کە حکومەت گرتنیەبەر بۆ لابردنی شیوعییەکان لە {سەرکردایەتی سەندیکاکاندا} دژی ساکارترین مەبدەئی ڕەوشتیی بوون.**)(332)

"**ئۆریل دان**" بریتانیی بوو ، نوسەری ئەو کتێبەیە کە جرجیس فتح اللە لە ئینگلیزییەوە بە ناوی (العراق في عهد قاسم) وەریگێڕاوە.

هەرچەندە جەمال عەبدولناسر بە دانانی یاسای سەیروسەمەرە و

گاڵتەجاڕیی ڕێگریی لە کاری سیاسی و لە شیوعی و چەپەکان لە ناو سەندیکاکان و دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا ئەگرت ، بەڵام عبدالكريم قاسم هێجگار لە جەمال عەبدولناسر ناهۆشیارتر و دیکتاتۆرتر بوو ، بەبێ هیچ یاسا و ڕێسایەک ، بە ئارەزووی خۆی بڕیاری سەیروسەمەرەی ئەدا ، مۆڵەتی بە ئەم حیزب ئەدا و ئەوی تری قەدەغەئەکرد.

جگە لە ئەوەی کە دەستیکرد بە گرتن و دەرکردنی شیوعییەکان لە سەرکردایەتییەکانی سەندیکاکان و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا ، کارگەرە شیوعییەکانیشی لە دامودەزگاکاندا ئەگرت و دەرئەکرد ، **(تا پاییزی 1960 هەر لە دەزگای هێڵەکانی شەمەندەفەردا 6000 کارگەری دەرکرد. دەرکردن لە کار ، ڕاونان و گرتن ، بەتایبەتیی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی سەندیکاکاندا ، چڕتر ئەبوونەوە. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی 1961 دا زیادتر لە 7000 کارگەر بە بیانووی هەمەجۆرەی بێبنەماوە لە کارەکانیان لە دامودەزگا و پرۆژە دەوڵەتییەکاندا دەرکرابوون. لە کاتی مانگرتنەکاندا سوپا کارگەکانی داگیرئەکرد. چینی کارگەر دەستکەوتێکی زۆری ئابوری لەدەستچوو.)**(333)

جوتیاران و گوندنشینەکان کە هیوایەکیان بە ئەو گۆڕانکارییانە هەبوو کە قاسم لە سەرەتای کودێتاکەیدا پروپاگەندەی بۆ ئەکردن و هەندێك یاسای لە بواری موڵکایەتی زەوی و چارەسەرکردنی کێشە کشتوکاڵییەکاندا بە رووکەشیی لە بەرژەوەندی جوتیاران و هەژارانی گوندنشینەکان گۆڕی ، هەندێک یاسای نوێشی لە ئەو بوارانەدا دانا ، بەڵام دوای لێدانی حیزبی شیوعی و چڕکردنەوەی هێرشەکانی بۆ سەر تەواوی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی حیزب ، جوتیارانیش بەشێکی زۆریان لە ئەو زۆرداریيانەی قاسم بەرکەوت ، **(لە لادێکانیشدا و بە پشتگیریی حکومەت ، خاوەن موڵکە گەورەکان و دارودەستەکانیان بەردەوام بوون لە چەوساندنەوەی جوتیاراندا و ناچارکردنیان بە وازهێنان لە زەوییەکانیان ، بەتایبەتیی ئەو زەوییانەی کە هێشتا بە دەست خاوەن موڵکەکانەوە بوون.)**(334)

عەبدولکەریم قاسم ، حامیدی برای کردبوو بە سەرۆکی ئەو لیجنەیەی کە بەرپرس بوو لە دابەشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەسەر جوتیاراندا ، لەبەرئەوە کەریمی برای چۆنی ویستووە ، ئەویش ئەگەر زیادتری نەکردبێت ، ئەوا کەمتریشی نەکردووە.

ئەو هێرشە دڕندانەییانەی عبدالكريم قاسم بۆ سەر حیزبی شیوعی و تەواوی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی کە هیچیانی لێ بێبەش نەکرد ، ئەوەندە کارییگەر بوون کە نەک هەر حیزبی شیوعی و لایەنگرانی ، بەڵکوو

تەواوی چین و توێژە جیاوازەکانی عێراقیش کەم و زۆر بە هۆیانەوە زیانیان لێ ئەکەوت ، لە ئەو دەسەلاتە دیکتاتۆرییەی قاسم وەڕس بووبوون ، تەنانەت ئەوانەش کە سەربە قاسم بوون ، کەم و زۆر نارەزاییان دەرئەبڕی ، کاتێک کە بەعسییەکان و نەتەوەپەرستانی عەرەب کودێتاکەیان بەسەر قاسمدا کرد ، کەسانێکی کەم لە لایەنگرانی قاسم داکۆکییان لە قاسم و حوکمەکەی کرد ، زۆربەیان کە ئۆفیسەری بەرزی بەشەکانی سوپا بوون ، هەر لە سەرەتادا چوونە ناو کودێتاچییەکانەوە و پلە و پایەیان لە حکومەتی نوێی بەعسییەکاندا وەرگرت.

**(لەگەڵ ئەو هەموو بارودۆخەشدا حیزب هەر لەسەر سیاسەتی خۆی بەردەوام بوو ، لەسەر بنەمای "هاوکاریی ـ تێکۆشان ـ هاوکاریی" کە ئەیویست حوکمێکی نیشتمانیی "سەربازیی ، تاکڕەویی و نادیموکراتیی" لەسەر حسابی دیموکراتیی دروستببێت. ئەو سیاسەتەش بارێکی گرانی خستە سەر شانی حیزب و سەرکردایەتییەکەی و تواناى دەستپێشخەریی لێ بڕی.)**[335]

حەڵوایی وەک هەر سەرکردەیەکی تری ئەو سەردەمە و ئێستاش ، تەنیا گلەیی لە سەردەمەکە و بارودۆخەکە ئەکات ، بەڵام کەسیان ناڵێن کە ئەو بارودۆخانە و ئەو هەموو تراجیدیا و کارەساتە خوێناوییانەی کە بەسەر گەل و حیزبەکەدا هاتوون و خوێنی دەیان هەزار ڕۆڵەی گەلانی عێراق و کوردستانی تیادا ڕژاوە ، سیاسەتی بۆلشەفیکەکانی ڕوس بوو کە لە کرێملینەوە بۆیان دەرئەچوو ، ئەمانیش لە عێراق پەیڕەویانئەکرد و بە سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەلاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا ژیانیان بەسەرئەبرد.

لە سەردەمی قاسمدا حیزبی شیوعی بە ئەوپەڕی سەرکزییەوە لەژێر سێبەری دەسەلاتەکەی قاسمدا ژیانی بەسەرئەبرد ، قوربانیی بە "دیموکراتیی" ئەدا لەپێناوی "نیشتمانییەکەی" قاسمی دیکتاتۆردا ، کاتێکیش کە ئاگری قاسم بە تەواویی پەروباڵی سوتاند ، ئەوسا و پاش ساڵانێک هاواری لێ هەستا ، بەڵام **(هەموو هاوار و تکاکانی بۆ یەکگرتنی هێزە نیشتمانییەکان دژی حوکمی قاسم ، بە فیڕۆ چوو.)**[336]

لە سەردەمی هاوپەیمانیی و بەرەکەی بەعسیشدا کە هەزاران ئەندامی حیزب و لایەنگرانی لە لایەن بەعسەوە قەلاچۆئەکران ، پاش ئەوەی کە بە ناچاریی و بە دەستپێشخەریی شیوعییەکانی لیجنەی هەرێمی کوردستان

بەرەکەی بەعسی بەجێهێشت ، تا ماوەیەکیش کەس گوێی لە هاوار و تکاکانی نەئەگرت ، چونکە پێنج ساڵ بوو بە سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتی فاشیزمی بەعسییەکاندا ئەژیان و تەزکیەی حوکمی ئەو بەعسییانەیان کردبوو.

**ئەمڕۆش کەس ئاوڕێک نە لە حیزبی شیوعی عێراق و نە لە لقەکەی کوردستانی "حیزبی شیوعی کوردستان داش عێراق" ناداتەوە ، چونکە خزانە ژێر سێبەری حوکمی بریمەر و دەسەڵاتی دوو خێڵ و بنەماڵە مافیاکەی کوردستانەوە.**

هەوێنی ئەو هەموو تراجیدیا و کارەساتە یەک لە دوای یەکانە و سیاسەتەماڵوێرانکەرەکانی سەرکردەکانی حیزب ، بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە ناوەڕاستی تەموزی 1959 دا بوو ، کۆبوونەوەی خۆبەدەستەوەدان و ژیان بەسەربردن بە سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتەکانی عێراق و ئەمڕۆش لقەکەی کوردستانی لەژێر سێبەری دەسەڵاتە مافیا بنەماڵەییەکانی کوردستاندا.